# بزوتنەوەی "ریفراندۆم"پاشکۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقە

**بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" و لەواقعدا پاشکۆی حزبە حاکمەکانی کوردستان ،بەدوای بێدەنگیەکی موحتەرەمانەی لەسەر رفراندۆمی دەستوری کۆنەپەرستانەی عێراق ،دیسان دەنگی بەرزکردۆتەوە و لە بەیانیکی 3\12\2005یدا بانگەوازی خەڵك دەکات لە کوردستان وتاراوگە کە بچن بەشداری لە هەلبژاردنەکانی عێراقدا بکەن. بزوتنەوەی بەناو"رفراندۆم" ئەمەش بە "هەنگاوێکی بەرپرسیارانە دەزانیت بۆ چەسپاندنی ناسنامەی کوردستانیمان".**

**سەرەتا دەبێ بپرسین بۆچی دەستەی باڵای بزوتنەوەی"رفراندۆم" تەنها کاتی هەڵبژاردنەکان بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات بۆ ئەم هەنگاوە بەرپرسیارانەیە؟ ئایا بۆچی کاتێك کە رفراندۆمی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە 15ئۆکتۆبەری ئەمساڵ کرا و مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستانی تێدا پیشیلکرا و یەکپارچەیی خاکی عێراقی تێدا سەپێنرا، بۆچی بانگەوازی خەڵکی کوردستانیان نەکرد بۆ مقاتەعە و "نا" ووتن بەو دەستورە کۆنەپەرستانەیە.ئەو کات ئەم بەرێزانە وەك ئێستا نەیاندەوت"** ئەمرۆ کاتێك خەڵکی کوردستان رووە و هەڵبژاردنەکانی عیراق دەچن، ڕووبەڕووی قۆناغێکی هەستیار بووینەتەوە کە چارەنووس وداهاتووی خەڵکی کوردستانی لەسەر ڕادەوەستێ ولایەنی کەمی داخوازییەکانیانی پێ جێگیر دەبێت"؟

**ئەم هەڵبژاردنانەی ئیَستای عێراق کە بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" ئاوا بە حەماسەوە خەڵکی بۆ بانگەواز دەکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان وحکومەتێکە کە ئەو دەستورە کۆنەپەرستانەیەی مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستانی سڕیوەتەوە جێبەجێ دەکا، چۆن چاوەڕوانی لەوەدەکەن کە ئەمجارە بەزیادبوونی لیستی سونە و بەعسیەکان و پێکهێنانی زۆرایەتی ئیسلامی و شۆڤینیزمی عەرەبی پەرلەمانی لەگەڵ شیعەکاندا ، بەشداریکردن لەم هەلبژاردنانەدا"** هەنگاوێکی بەرپرسیارانەیە بۆ چەسپاندنی ناسنامەی کوردستانیمان **"؟ چاوەڕێتان لە لیستی 730 هەیە ئەم کارەتان بۆ بکا؟ ئەوان ئەو کاتەی کورسی زیاتر و مەوقعیەتی باڵای باشتریان لە حکومەت وپەرلەماندا هەبوو ئە کارەیان نەکرد بە"** دانانی بەندێك لە هەردوو دەستورەکەی عیراق و کوردستاندا سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی لەرێگەی ریفراندۆمەوە هەر کاتێك خەڵکەکەمەبەستیانبێت.بە داخەوە لەدەستوری هەمیشەیی عیراقدا ئەو داخوازییە بزوتنەوەکە نەهاتەدی وفەرامۆش کرا"، **ئێستا لە حکومەتی سونە وشیعە وبەعسیەکان دا چاوەڕێن یەکێتی وپارتی ئێوە فەرامۆش نەکا و خەڵکی کوردستان باوەڕتان پێبکا کە ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا و حکومەتەکەی** "بنەمایەکی سەرەتایی باشە بۆ خەباتکردن لەپێناو هێنانەدی بەرنامەی لایەنی زۆر، کە دیاریکردنی چارەنووسە". **بەڵام دەستەی باڵای ئەم بزوتنەوەیە سەرەڕای ئەم ئیهمالکردنانەیان بەردەوام دەبن لە خەباتی بەرزکردنەوەی یاداشتێکی تر و** "داوا لەو نوێنەرانەی سیاسی گەلی کوردستان دەکەن کاتی تاوتوێکردنەوەی بەندەکانی دەستوری هەمیشەیی دوای هەڵبژاردنەکان، پێ لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان دابگرن، هەتا لە دەستوری داهاتوودا بچەسپێنرێت ." **ئەمە چ وەعدێکی گەورەی بزوتنەوەی بەناو رفراندۆم"ە بە خەڵکی کوردستانی دەدات؟! لەبەرامبەر پاداشی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی حکومەتی ئیسلامی عەرەبی مەرکەزدا و چونە ژیر رکێفی ئەو دەستور ودەسەلاتە کۆنەپەرستانەیەدا ، ئەم بزوتنەوەیە زەمانەتی دەکا کە چارەنوسی کوردستان دەخاتە سایەی ئەم بازنەی فەرامۆش کردن و یاداشتنامە و داوا لە پەرلەمانی خەوتوەکانی کوردستان !**

**ئایا ئیتر ئەمە بوختانە کە بۆ بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" بکرێ کە پاشکۆی لیستی یەکێتی وپارتین لەهەموو هەڵبژاردن و هەنگاوە سیاسیەکانیاندا. ئەم لیژنەی باڵایە بەم بانگەواز و حەماسەتەی کاتی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە کوردستان بەزۆر بە عێراقەوە دەلکێنیتەوە و خەڵکی کوردستان دەخاتە ژێر سایەی دەستور وحکومەتی ئیسلامی و عروبە نیشانی دەدا کە ئەم لیژنەی**

Tel :07701570050, 07701549800,00447760131203 Email:asokamal1@aol.com , zmnaco@yahoo.com

بالآیه " ئیرادەی تاکەکەسی خۆیان خستۆتە گەڕو ئەرکی بەرپرسیارانەی خۆیان جێبەجێ دەکەن" ، کە لەهەولێر ودهۆکدا وەك لقی بێژمارەی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی و لە سلێمانیشدا وەك کرێچی مەڵبەند و ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کاردەکەن . هەربۆیە خەڵکی کوردستان نابێت بە پێچەوانەی بانگەوازەکەی بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" وەك چۆن مقاتەعەی رفراندۆمی دەستوری کرد ئاواش مقاتەعەی ئەم هەڵبژاردنانە بکات " چونکە بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنەدا دەبێتە مایەی دوورکەوتنەوەی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان"، بەم پێیەیش ئەم لیژنەی بالآیه پرۆژەکەی خۆی لەدەت دەدات ،کە لەلایەن یەکێتی وپارتی یەوە بەمەرجی خزمەت و پاشکۆیەتی بەسیاسەتی بەزۆرلکاندنەوەی کوردستان بە عێراق و هەنگاوی بەرپرسیارانەی بۆ چەسپاندنی کورسی وبەشە دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی لە حکومەتی ئیسلامی و عەرەبی مەرکەزدا دەستی بەرزکردۆتەوە و مۆڵەتی پێدراوە.

ئەم بزوتنەوەیە بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستیە و نیشاندانی حەماسی بۆ ئەم هەڵبژاردنە ، وەك پاشکۆی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان لەبەرامبەر ناڕەزایەتیەکانی ئەمڕۆی خەڵکیش لە ئیدارەی یەکیتی وپارتی ، بوەتە پارێزەری ئەم ئیدارانە و پرۆژەکەی خۆی بەتەواوەتی خستۆتە خزمەت ئەم دەسەڵاتدارانە و ڕایدەگەیەنێت کە " بوونی ناکۆکی وگرفت وکێشەی ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان مەسەلەیەکە پەیوەندی بەناوخۆی خۆمانەوە هەیەو ناکرێت بکرێتە بەهانەیەك بۆ بەشداری نەکردن . خواست و داخوازییە ناوخۆیی وهەنووکەییەکان مەسەلەیەکە بەپرۆسەیەکی درێژخایەن دێنە دی، کە بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی وسیاسی وسەرچاوەیەکی دارایی بەهێز مەیسەر نابن" .

دڵسۆزی و پاشکۆیەتی ئەم لیژنەی بالآیە بۆ سیاسەتەکانی دەسەڵاتداران هەر لە دوور خستنەوەی خواستی سەربەخۆیی کوردستاندانییە ، بەڵکو چارەسەری ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و نەهێشتنی گەندەڵی و ماڤ ئازادی ڕادەربڕینیش کە خواست و داخوازی هەنوکەیی خەڵکی کوردستانە لای ئەم کاربەدەستانەی یەکێتی و پارتی بەهانەیەکە و بە "پرۆسەیەکی درێژخایەن دێنە دی " لەم حکومەتە ساوایە نابێت داوا بکرێت چونکە " چوارچێوەیەکی یاسایی وسیاسی وسەرچاوەیەکی دارایی بەهێز" ی نییە و خەڵکی کوردستان پێویستە بەچاوی بەزەیی سەیری ئەم دەسەلاتدارە هەژارە ملیاردەرانەی کوردستان بکەن و ئەم داخوازیە هەنوکەییانەیان هەلگرن بۆ دوای 14 ساڵی تر لە دەسەڵاتدارێتی یەکیتی وپارتی تا ئەو کات لەوانەیە ببنە خاوەنی " چوارچێوەیەکی یاسایی وسیاسی وسەرچاوەیەکی دارایی بەهێز ".

ئێمە لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەم بانگەواز و هەڵوێستانەی بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" بەبەشێك لەو سیاسەتانە دادەنێت کە خزمەت بە چوونە پێشەوەی سیاسەتی ژێردەستەکردنەوەی خەڵکی کوردستان و سرینەوەی ماڤ چارەنوسی خەڵکی کوردستان دەکات و دژایەتی ڕێگاچارەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات و ئەم بزوتنەوەیە بە پاشکۆی حزبە دەسەلاتدارەکان دەزانێت و بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات کە چیتر گوێنەگرن لەم سیاسەتە چەواشەکارانە و پاساوکارانەیان و هەڵسوراوانی ڕاستەقینەی خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئەو بزوتنەوە پاشکۆیە جێبێڵن و بەڕیزی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە پەیوەست بن.

**ئاسۆ کمال**

**بەرپرس لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

2005/12/06

Tel :07701570050, 07701549800,00447760131203 Email:asokamal1@aol.com , zmnaco@yahoo.com